**مەهاباد قەرەداغی**

# لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا

## پرسەکانی کەرکووک و کورد و ژن

## لە گفتوگۆیەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان

## بەڕێز نێچیرڤان بارزانی



**ڕۆژەکانی پێش هەڵبژاردن، لە ڕۆژە ئاساییەکانی ژیان نین بۆ ئێمەی کورد، بەڵکە هەر ساتێک لە ساتەکانی ئەم ڕۆژانە دەگمەن و چارەنووسسازن. چارەنووسی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ئەگەر کوردی تێدا بەشدار بێت، چی لێ دێت و بەرەوکوێ دەڕوات؟ پرسی کەرکووک کە پرسێکی گرنگە و کرۆکی کێشەی کوردی لەم دەڤەرەدا پێکهێناوە و ململانێی زۆری لەسەرە، چۆن چارەسەر دەکرێت؟ سەرکردایەتی کورد چلۆن بیری لەم کێشانە کردۆتەوە و چۆن و بە چ**

**بەڵگەیەک دەتوانێت دڵنیامان کاتەوە لەوەی لەم هاوکێشە ئاڵۆزە سیاسییانەدا کورد نابێتەوە بە قوربانی و کەرکووکمان لەدەست ناچێت؟**

**هەر لەم سەرەتایە و لەم ساتە دەگمەن و چارەنووسسازانەدا پرسی ژن لە کوردستاندا بەرەو چ ئاقارێک ئاراستەی خۆی وەردەگرێت؟ ئاخۆ ئافرەتی کورد لەم گۆڕانکاریی و ڕێکخستنەوە و دابەشکردنەوەی دەسەڵاتدا چی بەر دەکەوێ و چۆن دەتوانێت دەستکەوتی هەبێت و بیکاتە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتایەک بۆ ئازادکردنی مێژووی خۆی؟ کوردستانی نوێی دوای هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان و حکومەتی نوێی کوردستان چ وێنەیەکی جیاوازی دەبێت لەو وێنانەی پێشووی خۆی؟**

**بۆ وروژاندنی ئەم پرسیارە گرنگ و چارەنووسسازانە و، بۆ ڕوونبوونەوەی ڕوانگەمان سەبارەت بەو پرسانەی کە ڕامانی ئێمەیان بەخۆیانەوە خەریک کردووە، بە پێویستم زانی سەبارەت بە دوو تەوەری سەرەکی و گرنگ، پرسی کورد و کەرکووک و پرسی ژن، ڕووبەڕوو سەرۆکی حکومەتی کوردستان بدوێنم و بۆچوون و بەرسڤەکانی بە ڕای گشتی و بەدواداچوونی پرسە سیاسییەکان بگەیەنم.**

مەهاباد قەرەداغی: پرسی هەڵبژاردن ، چ لە سەر ئاستی عێراقدا،چ لە سەر ئاستی کوردستاندا پرسێکی هەنووکەیی و پڕ بایەخ و چارەنووسسازە، بۆیە لەم خاڵەوە دەچینە ناو گفتۆگۆوە و دەیکەین بە تەوەری یەکەمی ئەم دیمانەیە.
ڕای ڕەسمی حکومەتی کوردستان بە کۆنکرێتی و ڕاشکاوی لە پرسی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراقدا هەتا ئێستا وا دەرکەوتووە و پارتی و یەکێتیش وەک دوو حیزبی سەرەکی و فەرمانڕەوا لە کوردستاندا بە بایەخەوە لە بەشداری کارای کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڕوانن. ڕایەکی تریش هەیە و خۆی دەسەپێنێت کە بەشێکی ڕای گشتی، ڕای ڕووناکبیرانی سەربەخۆ، سیاسەتمەدارانی سەربەخۆیە و پێیان وایە کە نابێت کورد بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکات. دیارە هەردوولا دەبێت بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنن بۆ گرنگە بەشداری بکرێت، یان بۆ خەتەرە بەشداری بکرێت. دەکرێ بزانین ئێوە وەک سەرۆکی حکومەتی کوردستان چ بەڵگەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی کە کورد بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات و چ گەرەنتییەک لەوەدا دەبینن کە کورد دیسانەوە مایەپوچ دەرناچێت لەو هاوکێشەیەدا؟

**نێچیرڤان بارزانی:** دیاره بڕیاری بەشداری لە هەڵبژاردنمان داوه. لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی و حیزبە کوردستانییەکانی دیکە بۆ پەرلەمانی کوردستان و، بۆ پەرلەمانی عێراق ئامادەکراون.

ئێمە بە گشتی بە باشی دەزانین لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار ببین. زۆر باشە کە پەرلەمانی کوردستان هەڵببژێردرێتەوه، کە پتر دەچەسپێ و دەبێت بە ئەمرۆ واقیع لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ پەرلەمانی عێراقیش باشە کە گەلی کوردستان پێگەی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە بە پێی ڕەزامەندیمان لەسەر "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کە بە دەستووری کاتیی ناسراوه"، بڕیاری دامەزراندنی ڕژێمێکی عێراقی فیدڕالی دیموکراتی دراوه و، لەو یاسایەدا دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوه، وەک هەرێمێکی فیدڕالی "بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی قەزایی هەرێمیشەوه". دوو شت ماوه:

یەکەم: هێشتا حکومەتی کاتیی عێراق نەیتوانیوه پەیوەندییەکی یاسایی فەرمی دابڕێژێت بۆ چۆنێتی پەیوەندی بە دەزگاکانی هەرێمەوه. لەم کەمایەسییە گەورەیەش زۆر کێشە کەوتۆتەوە وەکوو: کێشەی بوردجە و کێشەی ئیداری جۆربەجۆر.

دووەمیش: بارودۆخی کەرکووکە، کە بە لای ئێمەوە لەبەر ئاسایی نەبوونەوەی و، مانەوەی شوێنەواری تەعریب، داوامان کردووه هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکووک دوابخرێت، تا ئەو کاتەی هەموو شوێنەوارەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە بۆ گۆڕینی مۆرکی کوردستانیی شارەکە و پارێزگاکە دەسڕدرێنەوه و کورد جێگەی سروشتی خۆی دەگرێتەوه.

ئەم داخوازییەمان ڕاگەیاندووه، هەموو لایەکمان سوورین لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنی شاری کەرکووک. لەم بارەیەوە هەردوو دەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیا فشارمان بۆ دێنن تا کورد لە هەڵبژاردنی کەرکووک بەشدار بێن. سووربوونی ئێمە تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتووه کە ئەگەر هەڵبژاردنی کەرکووک، بێ سڕینەوەی ئەو شوێنەوارانە، بەم هەلومەرجە نائاساییە ئەنجام بدرێت، ڕەنگە گەلی کورد هەڵوێستێکی تر وەربگرێت.

هێشتا لە گفتوگۆداین، بەرپرسانی بەرزی ئەمریکایی، لەوانەش "ڕیچارد ئارمیتاج"، بریکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەردانی سەلاحەدینی کرد بۆ لێکۆڵینەوه و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکووک. ئەو، پابەندبوونی ئیدارەی ئەمریکای بە یاسای بە.ێوەبردنی عێراق، ماددەی 58 "کە تایبەتە بە کەرکووک"، دووپات کردەوه.

لە لایەکی دیکەوه، بەڵێ کەسانێک لە کوردستاندا هەن کە لە بنەڕەتەوە بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕەت دەکەنەوه و بە بێهودەی دەزانن.

ئێمە ڕێز لە بیروڕا جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان و عێراق دەگرین. بەڵام بەلای ئێمەوه، تا ئێستا، بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکان "کەرکووکی لێ دەربچێت"، بە پەسەند دەزانین.

دەربارەی گەرەنتی، چ لە هەڵبژاردن یان دوای ئەوە، دەبێ بڵێم لە سیاسەتدا گەرەنتی زەحمەتە، بە تایبەتی میللەتی کوردستان زۆر جار بەڵێنی پێ دراوە و پەشیمان بوونەتەوە.
گەرەنتیمان، یەکەم: یەکبوونی گەلەکەمان، دووەم: خۆڕاگری و قوربانییەکانێتی. سەرەڕای ئەوەش، تا ڕادەیەکی باش مافی کورد ئەمڕۆ ناسراوترە و، بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕاوە و ، پەیوەندی دۆستانەمان بە دەوڵەتە گەورە کاریگەرەکانەوە هەیە وەکوو: ئەمریکا، بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا. ئەمجارەش بارودۆخی شێراق وەهای لێ هاتووە کە هەرێمی کوردستان تیدا بووەتە کلیلی سەقامگیری و ئارامی، چ ئەمڕۆ یان لە ئایندەدا.
هەموو ئەم فاکتەرانە، ئەگەریش نەتوانین وەکو یەک بە گەرەنتییان بژمێرین، بەڵام لەسەر یەک و پێکەوە حەقیقەتێک پێک دەهێنن ئەویش پێگەی گرنگی جیوپۆلیتیکی کوردستانە. ئەگەر ئێمەی کورد پێکەوە بتوانین لەو فاکتەرانە کەڵک وەربگرین، ئەوە ڕەنگە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

**مەهاباد قەرەداغی:** دوو ملیۆن کەسی سەرووی هەژدەساڵ لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کورد داوای ڕیفراندۆم دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە ئیمزایان کردووە و داخوازییان پێشکەش کردووە. لەناو ئیمزاکاراندا بێگومان ئەندامانی حیزبەکانی پێکهێنەری حکومەتیش هەن، چ پدک و چ ینک. ئێوە وەک حکومەت و وەک حیزبیش کە چارەسەرێکی جیاوازتان پەسەند کردووە لەوەی خەڵک پێشنیاری دەکەن کە ڕیفراندۆمە، بەوەی بێ دوودڵی هانی خەڵک دەدەن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، وەڵامتان چییە بۆ دوو ملیۆن کەس کە منیش یەکێکیانم، چۆن قەناعەتمان پێ دەهێنن کە بە بێ ڕیفراندۆم و هەروا بە هەڕەمەکی بەو چارەنووسە نادیارە ڕازی بین کە لە عێراقدا ڕووبەڕووی کورد دەکرێتەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە وەکو حکومەت ڕێز دەگرین لە داخوازی خەڵکی کوردستان و، پشتگیرییش لەو بزاڤە دەکەین. وەکو حیزبیش، پارتی و یەکێتی و حیزبە کوردستانییەکانی دیکەش بەشدارین لە پشتیوانی ڕیفراندۆم. بەلای ئێمەوە بەشداربوون لە هەڵبژاردن پێچەوانەی ڕیفراندۆم نییە. بەڵکو دەتوانین و دەبێ هەوڵ بدەین لە دەستووری هەمیشەیی ئایندەی عێراقدا ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بچەسپێنین کە ئازادییە و مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و، هەر کاتێک بە پەسەندی زانی مافی داوای ڕیفراندۆمی هەیە بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دونیا، بە تایبەت نوێنەران و ئەندامانی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و، یەکێتی ئەورووپا و کۆڕ و کۆمەڵی دیکەی نێودەوڵەتی.
کەوابێ، بەشداربوون لە هەڵبژاردن و لە چەسپاندنی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە دەستووری هەمیشەییدا، لەگەڵ خواستی ڕیفراندۆم لە لایەن هاوڵاتییانەوە دوو پرۆسەی دیموکراتین، یەک دەگرنەوە.

به مانایەکی تر، نامانەوێ بە هەڵبژاردن دەرگا لە خۆمان دابخەین، بەڵکو سوورین لەسەر ئەوەی کە عێراقی ئایندەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دان بنێ بە مافی چارەی خۆنووسین وچ لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە یان هەڵبژاردن و گفتوگۆ، یان هەر ڕێگایەکی دەستووری و سیاسی دیکە.
پێمان باشە خەڵکی کوردستان هەمیشە حازر و ئامادە بن لە کۆڕی ژیانی سیاسی ئیمڕۆدا و، داخوازییە ڕەواکانیان ئازادانە دەرببڕن. ئێمەش لە ئەنجامدا بە ئیرادە و خواستی میللەتەکەمان کاروبار بەڕێوە دەبەین. لە ئامانجە ڕەواکانیان دوور ناکەوینەوە و بەجێ نامێنین، بەڵکو شان بەشانیان دەڕۆین.

**مەهاباد قەرەداغی:** بەڕێزتان و کاک مەسعودیش لە سیمینار و لە دیدارەکان و لە لێدوانەکانتاندا ئەوەتان دەربڕیوە کە لە سەر پرسی کەرکووک سازش ناکەن، ئەمە هەڵوێستێکی گرنگ و گەورەیە، هەڵوێستی بارزانی نەمریش لە مەسەلەی کەرکووکدا ڕوون و ڕەوان بوو و بە مەسەلەیەکی جەوهەریش دادەنرێت لە کۆی پرسی کورددا، بەڵام ئەوەی خەریکە بەڕێوە دەچێت لەسەر زەمینی واقیعی سیاسی کوردستاندا و ئێستا ئەکتوێلە، هەڵبژاردنە لە 30 مانگی یەنوەری کە هێندەی نەماوە، لە پرسی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراقدا، پرسی کەرکووک هەر هەڵواسراوە و هێشتاچارەسەرنەکراوە و ململانێی زۆری لەسەرە. پێتان وا نییە بە بێ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووک کە کرۆکی کێشەی کوردەو بە بێ چارەسەری ئەو پرسە هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا نایاسایی و ناڕەوا بێت، بە هەڵبژاردنیشەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** وا بزانم ئەوەندە لەو بارەوە دوواین، چ لە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنە تایبەتییەکان لەگەڵ حکومەتی کاتیی عێراق و، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و حیزب و هێزە سیاسییەکانی عێراق و، نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا و بەریتانیا و واتانی دیکە و ئەوەندەش هەڵوێستمان ڕوونە کە لێرەدا پێویستی بە دووپاتکردنەوە نەبێت.. ئەنیا ئەوە دەڵێم کە مەسەلەی کەرکووک گەوهەری مەسەلەی ئیمڕۆی کوردستانە و، ئەبەد بە تەنیا بەجێی ناهێڵین و دەبێت یەکلا ببێتەوە.
مەسەلەی کەرکووکمان گەیاندە ئەو ئاستەی کە بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بیکەن بە خاڵێکی گرنگی گفتوگۆ لە پەیوەندییە تەلەفۆنی و ڕاستەوخۆکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستاندا.
چاوەڕوانی وەڵامی ڕوونتر و، گەرەنتی بەڵگەدار و بەهێزین، تا بزانین بە چ شێوەیەک پشتگیری خەڵکی کوردستان دەکەن بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک و گشت جێگە تەعریبکراوەکانی دیکە.

**مەهاباد قەرەداغی:** بە نیسبەت هەڵبژاردن لەسەر ئاستی کوردستان. کەرکووک هێشتا لە دەرووەی سنووری کورستان بێچارەنووسە، کەرکووکییەکان بۆیان نییە لە هەڵبژاردنی کوردستاندا دەنگدەر بن و

خۆپیالیۆن، واتە لە پرسی هەڵبژاردندا کە بە ڕووالەت ڕووی گەشاوەی دیموکراسییەت دەنوێنێت، مافی کەرکووکییەکان لە دەنگداندا پێشێل دەکرێت. من دەپرسم ئایا هەڵبژاردن لە کوردستاندا بە بێ کەرکووکییەکان تا چەند ڕەوایە، تا چەند دیموکراسییە، تا چەند یاساییە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان بەشدارنەبوونی کەرکووکییەکان و خەڵکی گشت ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ناڕەوا و نادیموکراسی دەزانین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لە کاتی دانانی یاسای بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراقدا لەگەڵ حیزب و هێزە سیاسییەکانی عێراق هاتە پێش. ئەویش ئەو خاڵەیە لە یاساکەدا کە تا دانانی دەستووری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەمیشەیی و حکومەتی هەمیشەیی عێراق، دەست لە سنووری ئیداری هیچ پارێزگایەک نەدرێت.

واتە پارێزگای کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانی تر جارێک لە دەرەوەی هەرێم بمێنن تا دوای دانانی دەستوور کە مەسەلەکە دەبڕێننەوە"ئەویش بە پێی هەمان یاسا".

لە کاتی دانانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە ئاداری 2004 دا، حیزب و هێزە سیاسییەکانی عێراق، لەوە زیاتر نەهاتنە پێش. لە جیاتی ئەوە دەبێت ئێمە سووربین کە دەقێک وەکو ئەوەی مادەی 58 دابنرێت تا زەمینە خۆش بکات بۆ ڕیفراندۆم لەو ناوچانەدا و، بە خواستی ئازادانەی خۆیان بڕیاری پەیوەندی ئیداری ناوچەکانیان بە هەرێمی کوردستانەوە بدەن.

**مەهاباد قەرەداغی:** دێمە سەر تەوەرێکی تر، کە بە زۆرگرنگ و سەرەکی دەزانم، ئەویش پرسی ژنی کورد و کوردستانی دوای هەڵبژاردنەکانە. گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی بە بێ بەشداری ژن لە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، یاسایی، کلتووریدا دەبێتە کلێشەیەکی بێ ناوەڕۆک. یەکێک لە هەرە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، حیزبەکانی ئێمە، حکومەتی ئێمە لە ماوەی دوای ڕاپەڕین و حوکمی خۆماڵیدا پەراوێزخستن و پەراوێزبوونی ژنان بووە لە نزیکەی هەموو بوارەکاندا.

چ ئامادەکارییەک، چ بەرنامەیەک و پەروەردەکارییەک کراوە بۆ ئەوەی حیزبەکان و حکومەت و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی کورد لەم کەموکوڕییە نامەدەنییە ڕزگار بکرێن و چیتر دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەواژەکانی هاوشێوە تەنها بانگەشە نەبن و لەسەر زەمینی واقیعی کوردستاندا پیادەبکرێن؟ بەڕێزتان وەک سیاسەتمەدارێک و سەرۆکی حکومەت، کە ئاماژەی نوێخوازی لە هەڵوێستەکانتان دەردەکەوێ، چۆن دەڕواننە ئەم پرسە گرنگە؟

نێچیرڤان بارزانی: بۆ بەشداری ژن لە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەلآیەتی، سیاسی، ئابووری و یاسایی و کلتووری، چاکسازی قووڵی کۆمەلآیەتی و سیاسی دەوێ.کاری ڕۆژێک و دووڕۆژ نییە. ئافرەتانیش دەبێت لە لای خۆیانەوە ئامادە و بەشداری ئەو چاکسازییە بن. لە ڕووی یاساییەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا پابەندی ڕێژەی 25% ی بەشداری ئافرەتانین بۆ پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکانی دیکە.

هەندێ مەرجی سەرکەوتنمان لێرەدا بۆ پیادەکردنی ئازادی و دیموکراسی لە ژیانی کۆمەلآیەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی، ئاشتی ناوخۆ و نەهێشتنی توندوتیژی و تیرۆر، بە تایبەتی کە ئەو ڕێکخراوە تیرۆتیستانە لە گەوهەردا دژی ئازادی ئافرەتن، دژی بەشداربوونین لە ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتیدا، ژنانی سەربەستیش لە تیرۆر ڕزگاریان نەبووە. واتە: مەرجێکی دیکەی بەرفراوانبوونی ئازادی ئافرەتان ئەوەیە خەباتی فیکری و کلتووری خۆمان "بە ژن و پیاوی ئازادیخوازەوە" دژ بەو بیروڕا کۆنەپەرستانە جۆش بدەین.

مەهاباد قەرەداغی: لاوان، مەبەستم لە تەمەنی 18 تا 30 ساڵە، کە بە کوڕ و کچەوە لەو تەمەنەدا لە لووتکەی وزەدان بۆ کارکردن. یەکێک لە کەموکوڕییەکانی پەرلەمان، حکومەت و حیزبەکان لە ماوەی ڕابردوودا ئەوە بووە ئەم توێژەی پەراوێز خستووە و وزەی ئەم توێژە لە جیاتی ئەوەی کارا بکرێتەوە، لە کار خراوە بووە. ئەی لە هەڵبژاردنی نوێ، ژیانی سیاسی نوێ و کۆمەڵگەی کوردستانی دوای هەڵبژاردندا ئەم توێژە چییان لێ دێت، وەک ڕابردوو بێکاریگەری دەبن، یان بەرنامەیەک هەیە بۆ کاراکردنی وزە و تواناکانیان و بەشدارکردنیان لە پرۆسەی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد دا؟

نێچیرڤان بارزانی: بێکاری لاوان، لەوانەش بەشێک لە دەرچووانی ئامادەیی و پەیمانگە و زانکۆکان، کێشەیەکی کۆمەلآیەتی گرنگە.

وەکو دەزانن کۆمەڵگەکەمان لەو کۆمەڵگانەیە لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان کە بە کۆمەڵگای گەنج و لاو دەناسرێت، واتە لاوان گەورەترین ڕێژەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن.

تا ئێستا گیرۆدەی کێشە سیاسییە سەرەکییەکانین، جگە لەوەش بودجەی هەرێمی کوردستان نەچەسپاوە، کە لێرەشدا گرفتمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە. ڕەنگە لە ئایندەشدا وەختێک ببات تا ڕێژەی عادیلانەی هەرێمی کوردستان " کە بەلای ئێمەوە لە 25% کەمتر نەبێت" بچەسپێت. ئەمجاش باری نائاسایی گشتی عێراق و، نەبوونی پلانێکی ڕوون و دیار بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، کەمایەسییەکی دیکەیە. تا ئەو شتەمان بە تەواوی بۆ ڕوون نەبێتەوە، ئاسان نییە بتوانین بەرنامەیەکی مسۆگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و هەژاری لاوان دابنێین. بۆ ئێستا ڕەنگە بتوانین ڕێژەیەکی

کەمیان لە دامودەزگا حکومی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەشدار بکەین، بەڵام ئەمە تەنیا دەردی بەشێکی ئێجگار کەمیان دەرمان دەکات. گرنگ ئەوەیە ئێمە لە هەوڵداندایین بۆ چەسپاندنی ئەو ڕێژەیەی کە مەبەستمانە و بێگومان لاوانیش بەهرەمەند دەبن پێی.
لە ڕووی سیاسییەوە، دەنگی لاوان گرنگ و سەرەکییە بۆ دیاریکردنی ئایندەی کوردستان. دەبێ ئەمە یەکەمین ئەرکمان بێت و بەرنامەی ئەمە لە فیکرماندا هەیە. بەڵام ئەم ئەرکە بە قسەی ڕووت و پروپاگەندە جێبەجێ نابێت، بەڵکو دەبێت هەلومەرجی مادیی و دەرفەتی مومارەسەی ئازادی و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی برەخسێنین. چونکە بە بێ هەلومەرجی مادیی ناتوانین بەرنامەیەک بۆ پێشەوە ببەین، هەرچەندە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و جوان و بەرز بێت لە ڕووی تیۆرییەوە. پێویستمان بە قسە و پروپاگەندە نییە، بەڵکو پێویستمان بە کردەوەیە، بەوەی تا چ ڕادەیەک دەتوانین هەلومەرجی ماددی کار، خوێندن، گەشەپێدان، پەروەردە، بەرهەمهێنان و پرۆژەی جۆربەجۆری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و هیتر دابین بکەین.
کەوابێ باشترین خزمەت بە توێژی لاوانی ئێستا و ئایندەی کوردستان، ڕەخساندنی دەرفەتی "کار"ە. ئەوسا بۆ خۆیان جێگەی بەشداربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دەکەنەوە.

**مەهاباد قەرەداغی:** لەم ماوەیەدا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاری دوو یاسای گرنگ پەسەند کرا و دوو یاسا لە بەرژەوەندی ژنانی کوردستاندا دانرا. بۆ ئەمە دەستخۆشیتان پێ دەڵێم. بەڕێزتان لە دیداریکیشتاندا لەگەڵ ڕۆژنامەی ڤەتەنی تورکی دەرتان بڕیووە کە دەتانەوێ ڕۆڵێکی کلیلی و مێژوویی ببین لە بەرەوپێشەوە بردنی مەسەلەی ژندا. من وەک ژنێکی کورد کە خەبات بۆ ئازادکردنی مێژووی ژنی کورد پرنسیپێکی سەرەکیمە، شانازی بە هەڵوێستێکی واوە دەکەم لە سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە دەربڕدراوە، دەمەوێ بپرسم بەڕێزتان بۆ هێنانەدی ئەم هەڵوێستە و نەمانەوەی لە بۆتەی تیۆریدا، بە تەمان چ میکانیزمگەلێک کارا بکەن؟ ئایا دەتانەوێت بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ژنانی کارا لە بواری مافی ژناندا ببەستن و هاوکار لەگەڵ ئەواندا ئەم پرسە پێش بخەن یان بەرنامەی تایبەتیتان بۆ ئەم پرسە هەیە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان بەشداربوون و بەشداریکردنی ژنانی کارا لە بواری مافی ژناندا مەرجێکی گرنگی بەرەوپێشەوەچوونی پرسی ژنانە.
وەکو گوتم: ژنان دەبێت ئامادە بن جێگەی شیاوی خۆیان بگرن و، لێوەشاوەیی خۆیان بسەلمێنن و، ئازادی و مافیان بخوازن و بپارێزن. بە لای منەوە، هەندێ جار دەرفەت بۆ ئافرەت ڕەخساوە، بەڵام بە دوودڵییەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە ە ئامادە نەبووە جێگەی خۆی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی پڕ

بکاتەوە. ڕەنگە تاقیکردنەوەی تاڵی ژیان وەهای لێکردبێت کە کەمبڕوا بێ بەو مافانەی کە پیاوان جاڕی بۆ دەدەن.

لێرەدا شتێک دەڵێم کە ژنان، وەک هەر چەوساوەیەک، هەر میللەتێکی ژێردەست وایە. بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، دەبێت دەوروبەر بگۆڕێت، واتە پیاوان بگۆڕێت. ئافرەت لە ڕێڕەوی ئازادی خۆیدا پیاویش ڕزگار دەکات. بە پێچەوانەش، پیاوی ئازادیخواز دەبێ ئافرەتیش لەگەڵ خۆیدا ئازاد بکات. پرسی ئافرەتان سادە نییە، چونکە گەوهەری پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

بە لای منەوە، ئەم پرسە تەنیا بە جاڕدانی مافی ئافرەت و پڕوپاگەندە و سەمینار و کۆڕ و بەرنامەی وەها لە چەشنی ڕیکلام، ناچێتە پێش. ڕێکخراوەکانی ئافرەتیش" هی هەرچی حیزب و لایەنێک بێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان" تا ئێستا لە جیاتی ئەوەی خزمەتی پرسەکانی ژیانی ئافرەت و خێزان بکەن، لە جیاتی ئەوەی یاریدەدەری حیزبەکان بن بۆ پێشکەوتن، هێشتا وەکو "پاشکۆ"یەکی لاوازی سیاسی ماون.

ئەم واقیعە دەبێت بگۆڕدرێت. حیزبەکان و هەروەها حکومەتیش و دامودەزگاکانی پێویستە پتر بایەخ بە مافی ئافرەت بدەن و، زەمینەیان بۆ ساز بکەن بۆ بەشداریکردن. هەموو ئەمانە دیوێکی مەسەلەکەن، دیوەکەی تری دانانی یاسای گونجاو و مەدەنی و پرۆژەی پراکتیکین.

دەرکەوتووە کە چاکسازیی یاسایی بناغەیەکی پتەوی چاکسازی کۆمەڵایەتییە "بێگومان لەگەڵ پەروەردە و ڕێنومایی ڕۆشنبیری". بۆ نموونە: بە چەند گۆڕانکارییەک لە یاسای "ئەحوالی شەخسی" زۆر شتمان بەرەو پێشەوە بردووە و، باری یاسایی و کۆمەڵایەتی ئافرەت باشتر بووە. لەمەشدا بەردەوامین و بیرۆکەی گرنگی دیکەمان لا گەڵاڵە بووە بۆ چاکترکردنی باری ژیان و گوزەران و بڵندکردنەوەی پێگەی ژنان. دەتوانین ئەم پێشنیارانە جێبەجێ بکەین:

- لە ڕووی یاساوە: دریغی نەکەین لە گۆڕینی ئەو یاسا و بڕگە یاساییانەی کە دەست و پێی ئافرەتان دەبەستنەوە. هەروەها دانانی یاسای پێشکەوتووی ڕزگاریبەخش. بۆ نموونە دانانی ڕێژەی 25% بۆ ئافرەتان لە پەرلەمان و لە حکومەتدا، کە بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت زامن کراوە، گۆڕانکاری مەزنی بەدوادا دێت لە ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان.
- دانانی سندۆقێک بۆ پشتگیری خێزان و ئافرەتانی هەژار، بە"سلفە" یارمەتی ئافرەتانی لادێنشین بدرێ بۆ پرۆژەی بچووکی وەک ئەژاڵداری، فەرشچنین،دروومان و هەر پیشەیەکی تر کە شارەزاییان تێدا هەیە.
- هاندانی ئافرەتان بۆ پێکهێنانی "هەرەوەزی" ی بەرهەمهێنەر، یا بۆ پاراستنی مافی گەڕەک و شار و.. هیتر.
- بایەخدان بە سەربەخۆیی ئابووری ژن، چ لە ڕێگەی ئەو سندوقەوە، یا کاری ئافرەت زۆی، بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە دێهاتەکان.

- قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە ڕیزی کچان و ئافرەتاندا و هاندانیان بۆ فێربوونی کار و پیشەی جۆربەجۆر.
- لە بواری پەروەردەدا: هاندان و بەشداریکردنی کچان لە وەرزشی قوتابخانەکان بە گشتی، هەروەها لە چالاکی هونەری، شێوەکاری، مۆسیقا و هیتر.
- لە بواری سەندیکاییەوە: هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە چالاکی سەندیکایی و پێشڕەوایەتی سەندیکاکان، بۆ نموونە لە سەندیکاکانی: مامۆستایان، ئەندازیاران، برینپێچان و ئەوانیتر. بۆچی بەڕێوەبردنی سەندیکاکان برێک نەگۆڕین؟ سەندیکاکانی وڵاتەکەمان لاسایی ئەوانەی ئەورووپا دەکەنەوە. ئەوان باری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ئافرەت لە کار و هەلومەرجیان جیاوازە، لە "پتر لە سەدەیەک جیاوازە". بە لای منەوە دەبێت هەوڵ بدەین: لە هەر سەندیکایەک "شانبەشانی دەستەی باڵا، یان کۆمیسیۆنی باڵا" لیژنەیەک هەبێت بۆ ئافرەتانی ئەندامی ئەو سەندیکایە، یان لقێکی سەرەکی سەندیکاکە بێت، ئەرکی ئەو لیژنەیە پاراستنی مافی ئافرەتانی ئەو پیشەیە بێت و چاودێر بێت بەسەریانەوە تا هەڵاواردن لەو پیشەیەدا لە نێوان ژنان و پیاوان نەکرێت. بە گشتی لیژنەی پیشەیی ئافرەتان لە هەموو سەندیکاکاندا بۆ چاودێریکردنی یەکسانی بە پێویست دەزانم.
- لە دامودەزگاکانی حکومەت و بەڕێوەبەرێتییەکان، لیژنەی چاودێری مافەکانی ئافرەتان هەبێت و هاوکاری لەگەڵ لیژنەکانی سەندیکاکاندا بکات.
- پاراستنی مافی دایکایەتی و منداڵێتی. ڕەنگە "لە ڕووی داراییەوە ئێستا زەحمەت بێت"، بەڵام بیرمان لێ کردۆتەوە، بۆ نموونە: مۆڵەتی ژنی کارمەند و کرێکار بە مووچەوە، ماوەکەی زیاد بکرێت، بۆ سەرپەرشتیکردنی باشتری منداڵ. هەروەها دانانی دەرماڵە بۆ منداڵ تا تەمەنی پێنج یان دە ساڵ، بدرێت بە دایکی"هەرچەندە کەمیش بێت". لە ئەورووپا تا تەمەنی هەژدە ساڵ مەسرەفی مانگانە دەدرێ بە منداڵ کە لە نێوان 150 تا 300 دۆلارە، بە پێی بارودۆخی وڵاتەکە. ئێمە ئەگەر دوای ماوەیەک لە مەسرەفێکی بچووکی مانگانە بۆ منداڵ لە نێوان تەمەنی سفر تا پێنج ساڵ یان زیاتر، سەرف بکەین، ڕەنگە باری دایک زۆر سووکتر بکاتەوە. بێگومان بۆ هەر منداڵێک ئەگەر دایکی کارمەند یان فەرمانبەر بێت، یا نەبێت.
- بە گشتی ئافرەت و منداڵ لە مافی خۆیان هۆشیار و ئاگادار بکرێنەوە. بایەخ بە ڕۆشنبیری یاسایی و کۆمەڵایەتی بدرێت. هەوڵ بدرێت فێر بن تا ئافرەتان مافی خۆیان بناسن و بپارێزن. ئێستا نزیکەی "25 تا 30" لە پەرلەمانی عێراق و کوردستان، دەزگاکانی حکومەت دەبن بە ئافرەت. ئەمەش ئەزموونێکە، ئایا دەتوانن بۆ نموونە لە پەرلەمان فراکسیۆنێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی دروست بکەن؟ واتە: ئافرەتان "لەناو پەرلەمان"، لە هەمان کاتدا دوو ڕۆڵ دەبینن، ڕۆڵێکی سیاسی کە هەر ئافرەتێک سەر بە حیزب و لیست و تەوەرێکی سیاسییە و، لە کاتی باسی

کاروباری سیاسی گرنگدا ئەندامە ژنەکەش لەگەڵ سیاسەتی حیزبەکەی خۆیدا دەنگ دەدات. لە سەرێکی دیکەوە، جیا لە بیرورِای سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی، بە تایبەتی لە کاتی وەرگرتنی بریارِ دەربارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی و مافی ئافرەت. ئەزموونەکە ئەوەیە: ئایا ئافرەتان دەتوانن لەم رووەوە، ببن بە فراکسیۆنێک، هەموویان یان زۆربەیان یەکبگرن؟

**مەهاباد قەرەداغی:** لە دەستووری کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا رێژەی 25% بۆ ژنان دیاریکراوە. ئایا لە کوردستانیشدا هەر ئەم رێژەیە پەیرەوی دەکەن، یان رێژەیەکی زیاتر؟ چۆنێتی ئەو بەشدارییە تەنها بۆ ژنانی حیزبەکان دەبێت یان شانسی بەشداریکردن بە ژنانی بێلایەنیش دراوە. ئایا مەرجی چوونەناولیستی حیزبەکان بۆ ژنان چییە، تەنها ژن بێ و بەس، یان ژنانێ کە کاریان لەدەست دێ بۆ ئاڵوگۆرِ لە ناو کۆمەڵگە بە گشتی و رەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە تایبەتی. تکایە ئەمانە بۆ رای گشتی روون بکەرەوە.

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ بۆ پەرلەمانی کوردستانیش رێژەی 25% بۆ ژنان رەچاو کراوە و، لیستە هاوبەشەکە بەو پێیە رێکخراوە.
بەڵام بە گومانی من، چ لە لیستەکانی پەرلەمانی عێراق یا پەرلەمانی کوردستاندا لایەنگری حیزبی ژنە کاندیدکراوەکان زاڵترە و، کەمتر ژنی سەربەخۆ "لە رووی سیاسییەوە" بەرچاو دەکەوێ.
راستییەکەی ئەوەیە، هەرچەند بە رواڵەت هەندێ ژن و پیاو "هەردوکیان"، کاندیدی سەربەخۆن و حیزبی نین، بەڵام لایەنگری و ئینتیمای فیکری پێوەرێکی ئەساسییە. واتە: پیاوانیش، نە تەنها ژنان، هێشتا حیزب، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقیش پابەندی ئەو بنەمایەیە. واتە: ئەگەر حیزبییش نەبن و"ناویان لە تۆماری حیزبەکان نەبێت" بەڵام بە توندی سەر بە حیزبەکانن. بۆ هاتنە ناو حیزبەکان، هەر ژنێک بیەوێت بە بەرنامەی هەر حیزبێک رازی بێت و مەرجی ئەندامێتی تێدابێت، وەردەگیرێت. جیا لەوەی کە ئایا دەتوانن گۆرانکاری بکەن یان نا. بەڵام بۆ ئەندامێتی لیستی هەڵبژاردنەکان و بۆ حکومەت و دەزگاکانی تر تا رادەیەک هەوڵ دراوە ئەو ژنانە کاندید بکرێن کە بەتوانا و کارا بن، شارەزا و خاوەنی ئەزموون بن و کارلەدەستهاتوو بن بۆ گۆرینی کۆمەڵ.
دەڵێم هەوڵمان داوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتووین، چونکە هێشتا حیسابی ئینتیمای حیزبی و لایەنگیری فیکری بۆ حیزبەکان لە ئارادا هەیە. هەر بۆیەش دەڵێم، لە کۆمەڵگادا رەنگە ژنی بەتواناتر و شارەزاتر و کارامەتر هەبێ، کاندید نەکراون و باشترن لەوانەی کە کاندید کراون.
من پێم وایە، چەند خولێکی هەڵبژاردنی دەوێ تا کاروبارەکان تەقلە بکرێن و جێگەی خۆیان بگرن. بە تایبەتی ئەگەر شێوازی هەڵبژاردن لە "لیست"ەوە ببێ بە هەڵبژاردنی بازنەیی"دائیری"ی تاکەکەس.

**مەهاباد قەرەداغی:** بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوە و بەرسڤ و بۆچوونانە کە لەم کات و ساتە چارەنووسسازەدا پێویست بوو بە ڕای گشتی کورد بگات. سەرکەوتوو بن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ولاّتدا، کوردستان پێویستی بەوە هەیە بە عەقڵی مۆدێرن و کراوە و پێشکەوتنخوازانە بەڕێوە بچێت. سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**نێچیرڤان بارزانی:** منیش سوپاست دەکەم، بۆ منیش دەرفەتێک بوو دەنگ و بیروڕاکانم بە گەلەکەم بگات. ئێوەش سەرکەوتووبن.

...

**مافی بلاّوکردنەوەی ئەم دیدارە پارێزراوە، هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێ بیەوێت ئەم دیدارە دووبارە بلاّوبکاتەوە پێویستە لە ڕێگەی تەلەفۆن یان ئی مەیلەوە مۆڵەت لە خاوەنەکەی وەربگرێت.**